# بیری دادپەروەری لە چوارینەکانی جاهیددا

**پ.د. سەردار احمد گەردی**
**زانکۆی سەلاحەددین**
**کۆلێژی پەروەردە**

**م.ی. حسین صابر علی**
**وەزارەتی پەروەردە**
**کۆلێژی قەڵا بۆ بەهرەداران**

**پێشەکی**

بابەتی دادپەروەری ڕەگێکی قووڵی مێژوویی هەیە، لە ئێستاشدا زیندووەو مایەی مشتومڕو باس و لێکدانەوەیە. گرینگییەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پەیوەستە بە ژیانی مرۆڤەوە. بەبەرقەراربوونی، دەبێتە سەرچاوەیەکی بەهێزی خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی مرۆڤ. دادپەروەری بەدرێژایی ژیان هەبووەو بەقۆناغ و بارودۆخی جیاوازدا تێپەڕیوە. لە سەردەمەکاندا، بەیەک ئاست و ئاواز نەڕۆیشتووە، بەڵکو گۆڕانی تێکەوتووە، ڕەنگ و دەنگی جیاوازی بەخۆیەوە بینیوە. بەهۆی گرینگییەکەیەوە، کردمانە ناوەخنی بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیەمان. هەوڵمانداوە بەشێوەیەکی باش تیشک بخەینە سەر لایەنەکانی دادپەروەری و لەنموونەی چوارینەکانی برهان محمد عبدالرحمن، ناسراو بە (جاهید) جێبەجێی بکەین. هەڵبژاردنی چوارینەکانی جاهیدیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بیری دادپەروەری لە چوارینەکانیدا بەشێوەیەکی ڕوون ڕەنگیداوەتەوەو بابەتێکی زیندووی نێو چوارینەکانییەتی. شاعیری ناوبراویش، تاوەکو ئێستا کەم کارو لێکۆڵینەوە لەسەر شیعرەکانی، بەتایبەتی چوارینەکانی کراوە، بۆیە کردمانە لایەنی کردەکی لێکۆڵینەوەکەمان.

لێکۆڵینەوەکە لە چوارچێوەی پلانێکی (تیۆری – شیکاری) جێبەجێ کراوە. چەند گیروگرفتێک هاتنە ڕێگای لێکۆڵینەوەکە، وەک: گشتگیربوونی بابەتی دادپەروەری لەنێو بابەتەکانی ژیان و شارستانییەت. کەمتر کار لەسەرکردنی دادپەروەری لە بواری ئەدەبدا. سەرەڕای کەمی سەرچاوەی زانستیی ورد لەسەر دادپەروەری بەتایبەتی لە زمانی کوردیدا، بەڵام بەهەوڵی زانستی، هەوڵدراوە ئەو گیروگرفتانە نەبنە ڕێگری بەئەنجام گەیاندنی لێکۆڵینەوەکە.

لێکۆڵینەوەکە لە (دوو) تەوەر پێکهاتووە. تەوەری یەکەم لە دوو باس پێکهاتووە. لە باسی یەکەمدا باس لە زاراوەی دادپەروەری کراوە، ئینجا گرینگترین ئەو خالانانە دەستنیشانکراوە کە پێویست دەکات لە کەسی دادپەروەردا هەبن. ئینجا باس لە چەمکی دادپەروەری کراوەو بیروڕای فەیلوسووفان هێنراوەتەوە. دواتر جۆرەکانی دادپەروەری لە چەند خاڵێکدا تۆمارکراوە. لە کۆتایی ئەم باسەشدا، تیشکخراوەتە سەر پەیوەندی دادپەروەری بە ئەدەبەوە. باسی دووەم تایبەتە بە ناسینی چوارین. لێرەدا پێناسەی چوارین کراوە. ئینجا باس لەو کێش و سەروایانە کراوە کە لە چوارینی بەکاردێن. ئەوەش باسکراوە کە چوارین ڕووبەرێکی گونجاوە بۆ لەخۆگرتنی بابەتە هەستیارییەکانی ژیان.

تەوەری دووەمیش لە دوو باس پێکهاتووە، لە باسی یەکەمدا، تیشکخراوەتە سەر ژیان و بەرهەمی جاهید. لێرەدا بەشێوەیەکی کورت خاڵە سەرەکییەکانی ژیانی جاهید باسکراوە. ئینجا باس لە بەرهەمە

چاپکراوەکانی کراوە، پێکهاتەی شێوەیی و ناوەرۆکی بەرهەمەکانی خراونەتەڕوو. باسی دووەم تایبەتە بەڕەنگدانەوەی بیری دادپەروەری لە چوارینەکانی جاهیددا، لێرەدا باس لە گرینگی و زیندوویەتی بیری دادپەروەری لە چوارینەکانی جاهیددا کراوە. دواتر تیشکخراوەتە سەر ئامانج و ئەنجامی دادپەروەری لە چوارینەکانی جاهیددا. لەدوای ئەمەش نموونەی چەند چوارینێک هێنراوەتەوە کە ڕەنگی نەبوونی دادپەروەری لە ژیانی ڕۆژانەدا پیشان دەدەن، دوای ئەمە باس لەو چوارینانەی جاهید کرراوە کە ڕەنگرێژی تایبەتمەندییەکانی کەسی دادپەروەر دەکەن و لە نموونەی کەسێکی وەکو (عومەری کوڕی خەتتاب) بەرجەستەی دەکات. لە کۆتایی ئەم باسەشدا، چۆنیەتی خستنەڕووی بیری دادپەروەری لە چوارینەکانی جاهیددا خراوەتە ڕوو. لە کۆتاییدا لە چەند خاڵێکدا گرینگترین ئەو ئەنجامانە دەستنیشانکراوە کە لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکەدا پێی گەیشتووین. ئینجا ناوی سەرچاوەو پەراوێزەکان بەشێوەیەکی زانستی تۆمارکراوە. لە کۆتایشدا کورتەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

**تەوەری یەکەم/ باسی یەکەم: ناسینی دادپەروەری**

**زاراوەی دادپەروەری**

دادپەروەری هەر لە کۆنەوە جێگەی باسکردن بووەو بە درێژایی مێژوو لەنێو خەڵکی گشتی و کەسانی پسپۆڕ جێگەی مشتومڕو باسکردن بووە. دادپەروەری بنەمایەکی زمانی و فەلسەفی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ... هتد، هەیە. لە ڕووی وشەی فەرهەنگی و ڕێزمانەوە، دادپەروەری وشەو واتای تاڕادەیەک جیاوازی لە زمانی کوردیدا هەیە.

لە زمانی کوردیدا زاراوەی دادپەروەری لە فەرهەنگدا بە گەلێک شێوە هاتووە، وەک:

١/ دادپەروەری(٥١:١٥)(٥٠٤:١٢)

٢/ دادیاری(١٨٨:١٣)

٣/ دادوەری(٧٧:١١)(١٩٠:١٧)

٤/ دادگەری(٥١:١٥)

٥/ داد(١٠٠:١٤)(٢٧٧:١٩)(١٨٨:١٣)

٦/ دادپەرستی(٥٠٤:١٢)

بەمشێوەیە لە بەرامبەر وشەو زاراوەی دادپەروەری لە زمانی کوردیدا، گەلێک وشەی دیکە هەیە. ئێمە لەنێو ئەم وشانەدا (دادپەروەری)مان هەڵبژارد، چونکە زۆر باوەو واتایەکی گونجاویشی هەیە. زاراوەی دادپەروەری لە زمانی عەرەبیدا بەرامبەر وشەو زاراوەکانی (عدل) یاخود (عدالە) دێت و لە زمانی ئینگلیزیش بەرامبەر وشەی (Justice) دێت(٣٨:١٨)(٧٧:١١)(١٩٠:١٧)(٥٠٤:١٢)(١٨٨:١٣). ئەمە لە ڕووی جیاوازی وشەوە، لە ڕووی واتای فەرهەنگی وشەیشەوە، دادپەروەری چەند واتایەکی هەیە، وەک: "نەکردنی جەورو ستەم"(١٠٠:١٤) و "یەکسانی، ڕاستی، دابەشکردنی سامان بە یەکسانی، دادخوازی، یارمەتیدانی خەڵکی کەم دەرامەت"(٣٠٣:٢٥) و "هەق پەرستی، سەر ڕاستی، ڕاستی، ڕەوایی (مەسەلەیەک) پاداشت یا سزای شایستە"(٣٠٣:١٢) و "هاوار، حوکمی ڕەوا"(٢٧٧:١٩).

لەڕووی ڕێزمانیشەوە، زاراوەی دادپەوەری ناوێکی واتاییە، لە هەرودوو ناوی (داد) و (پەروەر) لەگەڵ پاشگری (ی) پێکهاتووە. لەگەڵ ئەم وشەیەشدا، وشەیەکی دیکە هەیە کە ئەویش (دادپەروەر)ە، واتا ئەو

کەسەی کە دادپەروەری ئەنجام دەدات کە بکەرەکەیەتی. دادپەروەریش لە زمانی کوردیدا بە چەند شێوەیەک هاتووە، وەک:

١/ دادپەروەر(١٤:١٠٠)(١٩:٢٧٧)

٢/ دادپرس(١٢:٥٠٤)

٣/ دادگەر(١٢:٥٠٤)

لەڕووی واتای فەرهەنگیشەوە بەواتای "کەسێکە کە جەورو ستەمی پێ ناخۆشبێ"(١٤:١٠٠)، یاخود "خاوەن داد"(١٩:٢٧٧)بێت. لەڕووی ڕێزمانیشەوە، وشەی (دادپەروەر) هاوەڵناوێکی بکەری لێکدراوە، لە هەردوو ناوی (داد) و (پەروەر) پێکهاتووە. هاوەڵناوە چونکە وەسفی کەسێک دەکات، بکەریشە چونکە کەسەکە کارێک دەکات. وەک:

- مرۆڤی دادپەروەر بە ئامانج دەگات.

کە دیارە دادپەروەر وەسفی ناوی مرۆڤی کردووەو بۆتە هاوەڵناو. بکەریشە، چونکە وەسفی ناوی مرۆڤی کردووە کە مرۆڤەکە خۆی بکەری کاری بە ئامانج گەیاندنە.

**تایبەتمەندییەکانی کەسی دادپەروەر**

بێگومان کەسی دادپەروەر هەر تەنیا ناولێنانێکی ڕووت نییە، بەڵکو دەبێ کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندی تێدابێت ئینجا پێی دەوترێت دادپەروەر. لێرەدا چەند تایبەتمەندییەکەی کەسی دادپەروەر دەخەینە ڕوو، وەک:

١/ ڕێز لە مافی خەڵک دەگرێت.

٢/ ناچێتە ژێر باری لایەنگیری و ئارەزووەوە.

٣/ لەکاتی دادگایدا، زۆرداری لە کەس ناکات.

٤/ چۆن بڕیار لەسەر خەڵکی دەدات، بەهەمان شێوە بڕیار لەسەر خۆشی دەدات.

٥/ بڕیارو دادگایکردنی دوورە لە هەست و سۆزو مەبەست و خۆپەرستی(٢٢:٤٢).

٦/ کەسی دادپەروەر دەبێت حوکم و دادەکەی بەپێی عەقل بێت، تاوەکو دووچاری گومان یاخود هەڵە نەبێت(٢٧:١٨).

٧/ مرۆڤی دادپەروەر، دادپەروەری بۆ گشت لایەک ڕەچاو دەکات، لە کاتێکدا مرۆڤی زۆردار، دادپەروەری بۆ هیچ کەسێک ڕەچاو ناکات(٢٠:٦٣).

ئەمانە بەشێکن لەو تایبەتمەندییانەی کە پێویست دەکات لە کەسی دادپەروەردا هەبێت، تاوەکو بتوانێ پەیامی دادپەروەری لە ژیانی ڕۆژانەیدا بە چاکی جێبەجێ بکات.

**چەمکی دادپەروەری**

دادپەروەری ڕەهەندێکی قووڵ و فراوانی هەیە و پەڕیوەتەوە ناو زۆر بواری ژیان." لە تیۆرەکانی فەلسەفی و ڕەوشتی و سیاسی و کایەی دیکەش بەکاردێت"(٢٤:٢٩٣). چەمکەکەی لە هزری هەر کەسێکدا بەپێی پاشخان و ئاست و پێگە و ڕۆڵ و کارو پیشەی، چوارچێوەیەکی دیاریکراوی هەیە. سەرەتا یەکێکە "لە سیفاتە زاتییەکانی خوای گەورە"(١٦:١٤) و لەوێوە پەڕوەتەوە ناو ژیان و مرۆڤ بەکاریهێناوە. لە ژیانی مرۆڤدا بەپێی قۆناغەکانی ژیان و شارستانییەت، چەمکی دادپەروەری گۆڕانی بەسەرداهاتووەو لێکدانەوەی جیاوازی بۆ کراوە. ئەم لێکدانەوانەش بەهۆی " ئەو گۆڕانانە بووە کە

بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا داهاتووە"(٢٩٣:٢٤). چەمکی دادپەروەری بە زۆری " بەمانای دابەشکردنی یەکسان و وەکیەکە لەبەرپرسیاریەتیی هاوڵاتیبووندا"(٧١:٢١). لێرەدا دادپەروەری لەیەکسانبوونی هاوڵاتیان و بەرپرسیارەتییان لە ژیاندا دێتە دی. ئەوەش هاتووە کە دادپەروەری " بریتی یە لە گەڕانەوەو پشت بەستن بە بنەماو سەرچاوەی سەرەکی، ئیتر یەکسانی چینایەتی بێت، یاخود پەیوەندی بەمرۆڤەوە هەبێت، یان هاوتایی نەژادی بێ، گرنگ ئەوەیە لەسەر بنەمای یاسایەک بێت"(١٤:١٦). بەپێی ئەم چەمکە ئەوەی پەیوەندی بە یەکسانییەوە هەبێت، جێگەی سەرنج و تێبینییە، چونکە هەموو یەکسانییەک دادپەروەری نییە، یەکسانی بەشێکە لە دادپەروەری. دادپەروەری لە ڕەخساندنی کەش و هەوای یەکسانە لە ئەرک و مافدا. نەوەک ئەوەی ئەرکی جیاوازی هەیە، دەبێت مافیان یەکسان بێت.

چەمکی دادپەروەری هەر لە سنووری یەکسانیدا نامێنێتەوە، بەڵکو دەچێتە ناو کایە و بوارەکارەکانی دیکەی ژیانیش. لە بواری دادوەریدا، چەمکێکە بە واتای نالایەنگیری لە دادگایی کردنی هەر مرۆڤێک دێت بۆ هەر کارێک. یاخود ڕوانینێکی مرۆییە بۆ ئەو دەوروبەرەی کە هەر کەسێک لێی دەژی، بە مەرجێک ئەو ڕوانینە بە یاسایەک ڕێکخرابێ کە گشت لایەک بەبێ زۆر لێکردن لە داڕشتنیدا بەشداری تێدا بکەن. هەروەها چەمکێکی ڕەوشتییە لەسەر بنەمای ڕاستی و ڕەوشت و عەقڵانییەت و یاساو یاسای سروشتی و دادخوازی بنیات دەنرێت(٢٨). هەرچەندە چەمکی دادپەروەری لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە گۆڕان و جیاوازی تێدەکەوێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە دادپەروەری بریتییە لە "ڕێزگرتنێکی ورد بۆ کەسێک و مافەکانی. هێماکەشی بریتییە لە تەرازوویەکی دوو لا هاوسەنگ. بەمەش دادپەروەری وردکاری دەگەیەنێت وەک وردکاری بیرکاری"(١٨:٢٧). ئەمە چەند چەمکێکی جیاوازی دادپەروەری بوو کە لە چوارچێوەی یەکسانی و دادوەری و ڕەوشت و ئەرک و مافدا، دەخولێنەوە.

### فەیلەسووفان و چەمکی دادپەروەری

لەبەر ئەوەی دادپەروەری بابەتێکی زیندووەو بەشێوەیەکی قووڵ و بەرفراوان هەر لە کۆنەوە چۆتە ناو ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەوە، بۆیە فەیلەسووفانی کۆن و نوێ کردوویانەتە بابەتی ڕوانینەکانیان و قسە و گفتوگۆو تێڕوانینیان لەسەر دەربڕیوە.

(ئەفلاتوون ٤٢٨-٣٤٧ پ ز) ڕوانینێکی ئەرکی بۆ دادپەروەری هەیە، ئەو "پێی وابووە کە دادپەروەری چاکەیەکی بنەڕتییە، بەپێی ئەم چاکە ئایدیالییە، لەسەر هەموو کەسێک پێویستە ئەرکەکەی جێبەجێ بکات"(٢٨). بەپێی بۆچوونی ئەفلاتوون، دادپەروەری بابەتێکی ئایدیالییەو لەسەر مرۆڤ پێویستە جێبەجێی بکات. جێبەجێکردنەکەش دەبێت بەو پێیەبێت کە دادپەروەری بەو شێوەیە بەرجەستە دەبێت کە مرۆڤ ئەرکەکەی بەباشی جێبەجێ بکات. واتا چەمکی دادپەروەری لەلای ئەفلاتوون لە چۆنیەتی و باشی لە جێبەجێکردنی ئەرکدایە.

هەر لە چوارچێوەی فەلسەفەی کۆنی یۆنانیدا، (ئەرستۆ ٣٨٤-٣٢٢ پ ز)، لەسەر دادپەروەری بیروڕای هەیە. ئەو پێی وایە کە دادپەروەری "کردەوەیەکی باشە و قوربانیدانە لە پێناوی کەسانی دی"(٢٨). ڕوانینی ئەرستۆ لە ئەرک و ڕەوشتی دادپەروەری لەنێوان کەساندا خۆی دەبینێتەوە، واتا چۆنیەتی هەڵسوکەوتی کەسێک لەگەڵ کەسێکی دیکەو ڕادەی ڕێزگرتن و قوربانیدانی نێوانیان، بەردی بناغەی دادپەروەرییە.

لەلای (جان جاک ڕۆسۆ ١٧١٢-١٧٧٨ز)شەوە، "دادپەروەری گشتگیربوونی هەیەو ئەویش لە ئاوەزەوە سەرچاوە دەگرێت"(٦٣:٢٠). بێگومان ڕوانینی ڕۆسۆ بە پێی ئەم چەمکە ڕوانینێکی عەقڵانییەو بۆ چییەتی دادپەروەری و بواری لەنێو ژیاندا دەگەڕێتەوە. ئامانجی ڕۆسۆش لە دادپەروەریدا "هەڵسەنگاندنی سیستمێکی مەدەنییە"(٦٣:٢٠). بەم پێیە ڕۆسۆ دادپەروەری لە ژیانی ڕۆژانەو کاروباری دەوڵەت و حکومەت دەبینێتەوەو پەیوەستیان دەکات بە سیستەمی بەڕێوەچوونی کاروباری حکومەتەوە.

بەپێی بیروبۆچوونەکانی فەیلەسوفێکی وەک (کارڵ پۆپەر)(٢٩)، "تێگەیشتنی مرۆڤدۆستانە لەسەر دادپەروەری لەو مانایەدایە کە وەکیەکی لەناو مرۆڤەکاندا بچەسپێت و ئیقیازی (سروشتی) بسڕێتەوە، تاکگەرایی بپارێزێت و لە ئەنجامدا بەرگریکردن لە ئازادیی هاوولاتیان بە ئەرکی دەوڵەت بزانرێت"(٧٢:٢١). بەپێی بۆچوونی پۆپەر، دادپەروەری لەنێو مرۆڤاندایەو بەشێوەیەکی تاکگەرایی هەیە. لەسەر دەوڵەتیش پێویستە ئازادی و دادپەروەری نێو کەسان بپارێزێت.

لە کۆتایدا ئاماژە بە ڕوانینی فەیلەسوف (جۆن ڕۆلس)(٣٠) دەکەین. ڕۆلس" چەمکی (دادپەروەری) دەخاتە نێو کرۆکی تیۆریی سیاسیی خۆیەوە، بەیەکەمین چاکەی دەزگاکانی سیاسیی دادەنێت"(١٥:٧). بەپێی بۆچوونی ڕۆلس، بەرقەرابوون و هەبوونی دادپەروەری بۆ دەزگاکانی حکومەت دەگەڕێتەوەو بەپێچەوانەوەش ڕاستە. ڕۆلس زۆر دوورتر دەڕوات و پێی وایە کە ئەو نەخۆشی و ڕەخنەنانەی دووچاری سیستەمی نوێی سیاسی بوونەتەوە، چارەسەرەکەی دادپەروەرییە، بەپێی بۆچوونی ڕۆلس، دادپەروەری "ئەو هەتوانەیە کە نوێخوازیی لیبرالیزمانە لە پەتاکانی چاک دەکاتەوە، لە نەخۆشییەکانیشی ڕزگاری دەکات"(١٥:٧). ئەم ئەرێنییەی دادپەروەری و پەسەندی لەلای خەڵکەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خەڵک هەروا بەشێوەیەکی هەڕەمەکیانە دادپەروەری هەڵنابژێرن، بەڵکو هەڵبژاردنەکەیان "بەشایستەییەوە بەهەڵبژاردنێکی عەقڵانی دادەنرێت، چونکە داد لێکدانی (تێکەڵکردنی) ئازادی و یەکسانییە"(١٨:٧). بەم پێیە چەمی دادپەروەری لەلای ڕۆلس زۆر گشتگیر دەبێت.

**جۆرەکانی دادپەروەری**

لەبەر زۆر بڵاوبوونەوەی بەنێو ژیاندا و بارودۆخی جیاوازی ژیانی مرۆڤەوە، ئەمانە بوونەتە چەند هۆیەک بۆ ئەوەی دادپەروەری جۆر و شێوەی لە ژیاندا زۆر بێت، لێرەدا گرینگترین شێوەو جۆرەکانی دادپەروەری دەخەینە ڕوو، وەک:

١/ دادپەروەری دابەشکاری: ئەم جۆرەی دادپەروەری وا دادەنێت کە مرۆڤەکان لە ڕووی باری کۆمەڵایەتی و ئامادەکاریی و بەهرەکانیان لە یەک ناچن، لەم بارە ئەوە دادپەروەری نییە کە پاداشت و قەرەبوو و کرێیەکان، بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر کەسانی نایەکساندا دابەشبکرێ. دادپەروەری دابەشکاری لەسەر بنەمای شایستەبوونەوە کار دەکات، بە واتای هەر کەسێک بەپێی شایستەبوونەوە ماف وەربگرێ. بۆ نموونە قوتابییەکی باش نمرەیەکی باش بەدەست دەهێنێت، لە کاتێکدا قوتابییەکی خراپ نمرەیەکی خراپ بە دەستدەهێنێت(١٨:٢٧).

٢/ دادپەروەری یەکسانیخوازی: یەکسانی لە نێوان مرۆڤ دەکات بە دوورکەوتنەوە لە جیاکاری لەسەر بنەمای ڕەگەزو خوێن و باوەڕو ... هتد. لێرەدا ئەو وتەیە دێتە پێش کە دەڵێ هەموو مرۆڤەکان بە ئازادی و یەکسانی لە مافە سروشتییەکانیاندا، لە دایک دەبن.

٣/ دادپەروەری سیاسی: واتا مافی کاردنی سیاسی لە نیشتیمان و جیهاندا.

٤/ دادپەروەری دادگـا: دانـانی یاسـای هاوسـەنگ و گونجـانی سـزا لەگەڵ تـاوان و هەقـی مـاف لە دادگایەکی دادپەروەرەوە.
٥/ دادپەروەری ئاڵوگۆڕی: وەک پێدانی قەرەبووی زەرەرو زیان و دوورکەوتنەوە لە تۆڵەکردنەوە.
٦/ دادپەروەری کۆمەڵایەتی: واتا دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان و شوێن و هەلی کارکردن. لەگەڵ دابینکردنی پێداویستییە ژیانی و پزیشکی و خۆراک و ... هتد.
٧/ دادپەروەری پاراستنی کۆمەڵایەتی: وەک پاراستنی کەمئەندام و کەمینەکان، لەگەڵ بەدیهێنانی توانای ژیان و پێکەوە ژیان لەگەڵ زۆرینەدا.
٨/ دادپەروەری نێو نەوەکان: واتا گونجان لەنێوان نەوەی ئەمڕۆ و نەوەی ئایندە لە ڕێگەی هاوسـەنگی لە قەرەبـووکردنەوەو دابینکردنـی خانەنشـینی. هەروەهـا سـوودوەرگرتن لە سـامانەکانی ژێـر زەوی، لەگەڵ هەوڵی داهێنان و چاککردنی ئامرازەکانی وزەی نوێ، تاوەکو سوود لە سامانی زەوی وەربگیرێ و بەگەڕبخرێ، بۆ ئەوەی نەوەی نوێ بتوانێ لەسەری بژیت(٢٨).
بەمجۆرانەی دادپەروەری، ئەوەمـان لەلا دەسـەلمێ کە دادپەروەری بەشـێوەیەکی قـووڵ لەنێـو ژیانیـدا بڵاوبۆتەوەو زۆربەی لایەن و بوارەکانی ژیانی مرۆڤی گرتۆتەوە.

**دادپەروەری و ئەدەب**

دادپەروەری پەڕیوەتەوە ناو زۆربەی بوارەکانی ژیان، لەناو زۆربەیان چالاکانە ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت و مشـتومڕی لەسـەر دەکرێت. ئەدەبیش بـوارێکی زینـدووی کۆمەڵگـاو ژیـانی مـرۆڤە، بە هەسـتیارییەوە مامەلە لەگەڵ دیاردەو خولیاو ئارەزووەکانی مرۆڤ دەکات، بۆیە شتێکی ئاسـاییە کە دادپەروەری ببێتە بابەتێکی ئەدەب و لەنێو جۆرەکانی دەقی ئەدەبیدا ڕەنگبداتەوە.
لەنێو فەرهەنگەکانی زاراوەی ئەدەبیدا، زاراوەیەک بە نـاوی (دادپەروەری شیعری - العداله الشعریه - Poetic Justice) هەیە. ئەم زاراوەیە لە "سـەدەی حەڤدە لە ئینگلتەرا پەیدابوو"(٦١٩:٢٣). بەپێی ئەم زاراوەیە، وشـەی شیعر بە واتـای شیعر نەهـاتووە، "بەڵکو ئاماژەیەکە بۆ زاراوە یۆنانییەکە کە وشـەی شـیعری لێدەرهێنراوە کە بە مانـای دروسـتکەر دێت، ئەمەش بەسـەر هەمـوو نووسـەرێکی شـیعر یـان پەخشان دادێت"(٢٣٧:٢٦). کەواتە لێرەدا شیعر بۆ شیعر نەهاتووە، بەڵکو بۆ شیعرییەت هاتووە.
زاراوەکە بە تێکڕایی بەمانای "سـەرکەوتنی خێر بەسـەر شـەڕ دێت، یان سـوود بەسـەر زیـان"(٦١٩:٢٣). ناوەرۆکی زاراوەکەو چۆنیەتی مەزراندنی لە دەقی ئەدەبیدا، "هانی ئەوە دەدات کە خەڵک کـاری بـاش بکەن"(٦١٩:٢٣). بەپێی ئەم زاراوەیە، لە کۆتایی هەر بەرهەمێکی ئەدەبیدا، دەبێ "خێر سەربکەوێ، ئەگەر وا ڕێککەوت ستەم و شەڕ سەرکەوتن، دەبێ ئەمە بەشێوەیەکی کاتی بێت"(٦١٩:٢٣). کەواتە بەپێی ئەم زاراوەیە دەبێ کۆتـایی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی، کۆتـاییەکی دادپەروەرانە بێت، چونکە نـاوەرۆکی ئەم زاراوەیە، خـۆی لە خۆیـدا "دابەشـکارییەکی نمـوونەییە بـۆ پاداشـت و سـزا"(٢٣٧:٢٦)، بـۆ چـۆنیەتی هەڵسوکەوتی کەسەکان و ڕەوتی بەرپێوەچوونی ڕووداوەکان. ئەگەر کەسێک باش و ئەرینی بوو، ئەوە دادپەروەرییە کە کۆتایی کەسەکە باشە بێت و بگاتە ئامانجە پیرۆزەکانی. ئەگەریش خراپ بوو، ئەوە پێویستە لە بەرامبەر خراپەکانی، سزای شایستە وەربگرێ. بە کورتی کەسی بـاش، پاداشـتی باشـەی وەردەگرێت و کەسی خراپیش، سزای خراپییەکانی وەردەگرێت.

**باسی دووەم: ناسینی چوارین**

**چوارین چییە؟**

لە شیعری کوردیدا، بەتایبەتی لە شیعری کلاسیکدا، گەلێک قالب بۆ نووسینی شیعر هەیە. وەک: (تاک، چوارین، دووبەیت، پێنجین، پێنجخشتەکی، غەزەل، قەسیدە، موستەزاد، تەرکیب بەند، تەرجیع بەند، ... هتد). چوارین قالبێکی ڕەسەنی شیعرە، زۆر لەمێژە بڵاوبۆتەوە. فارس و کورد و عەرەب سێ نەتەوەی ڕۆژهەڵاتن و چوارین زۆر لەناویاندا بڵاوە. چوارین نەک هەر لە ڕۆژهەڵات، بەڵکو لە ڕۆژئاواش زۆربڵاوە(٥:٢١٤). هەر چەندە چوارین لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بڵاوبۆتەوە، بەڵام لە بنچینەدا "زیاتر هونەرێکی فارسییە و عەرەب و کورد لە ڕێگەی ئەدەبی فارسییەوە وەریان گرتووە"(٨:٢٦٣). لە ئەدەبی فارسیشدا، ڕوودەکی و عومەر خەییام دوو ناوی درەوشاوەی بواری نووسینی چوارینن.

پێناسەکردن و ناسینی تەواوەتی چوارین، کارێکی ئاسان نییە، گەلێک پێناسە بۆ چوارین کراوە، وەک:

١/ چوارینە پارچەیەکی چوار لە تییە کێش و سەروای تایبەتی خۆی هەیە، پارچەیەکی تەنیا و مەبەستێکی تایبەتی دەردەبڕێ. زۆرجاریش پارچەیەکە لە هۆنراوەیەکی دوورو درێژ کە بەسەر چوارینەدا دابەش بووە، هەر چوارینەیەکی بیرێکی بچووک دەگەیەنێ لە چوارچێوەی بیری گشتی و سەرەکی هەموو هۆنراوەکە(٥:٢٠٤).

٢/ چوارین بەو پارچە هەڵبەستە دەگوترێ کە لە چوار لەتە دێر پێک دێ و یەک بیری تەواو و سەربەخۆی فیکری، سۆفیگەری، کۆمەڵایەتی، دڵداری ... دەگەیەنێ(٨:٢٦٣).

٣/ چوارین بریتی یە لە شیعرێک لە دوو دێرە شیعری عەرووزی پێکهاتووە، واتە چووار نیوە دێرە شیعر(٩:١٦١).

٤/ چوارین بەو پارچە شیعرە دەوترێ کە لە چوار لەتە دێڕ پێک دێت و لەسەر یەک کێش دەڕوا(١:٢٦١).

٥/ چوارین لە رووی فۆرمەوە لە دوو بەیت پێکدێت(٢:٧٤).

ئەگەر بەشێوەیەکی ورد لەو پێناسانانە وردبینەوە، تێبینی ئەوە دەکەین کە زۆربەیان لایەنی شێوەی چوارینیان باسکردووە، باسیان لەوە کردووە کە چوارین لە چەند دێر شیعر یان چەند نیوە دێر شیعر پێکهاتووە. سەرەڕای باسکردنی یەک کێش بۆ چوارین. ئەم پێناسانە نامانگەیەنێتە پێناسەکی ورد و تەواوی چوارین، بەڵکو لە ناسینی چوارینمان نزیک دەکاتەوە.

**کێشی چوارین**

چوارین یەکێکە لەو قالبە شیعریانەی کە هاوکێشەو سەرتاپای شیعرەکە بە کێشێکی دیاریکراو دەنووسرێ. چوارین دەبێ کێشەکەی هاوسەنگ بێت، ئەگەر هاوسەنگ نەبوو، ئەوە تێکدەچێت. بۆ نووسینی چوارین گەلێک کێش بەکارهاتووە، بەڵام دیارترینیان کێشی هەزەجە(٨:٢٦٣). لە هەزەجیش "کێشی باوی ئەم قالبەش ڕستەی (لا حول ولا قوه الا بالله). ئەمەش لە زوحافاتی (ترازانەکانی) بەحری هەزەجی هەشتەکییە (مفعول مفاعلین فع)"(٢:٧٤). کێشی هەزەج لە کوردیدا کێشی هەرە باوی نووسینی شیعری کلاسیکە، لە چوارینیشدا هەر وایە. "بەڵام لە ڕێڕەوی گۆڕانی شیعری کوردی بەدرێژایی ڕۆژگار چووارین بە کێشەکانی تری عەرووزیش کەوتۆتە ناوەوە"(٩:١٦٢)، وەک کێشەکانی "ڕەمەل، خەفیف، موزاریع، ڕەجەزو موجتەس و موتەقاریب(٨:٢٦٣). شیعری چوارین لە ئەدەبی کوردیدا نەک

هەر بە کێشــەکانی عەرووز، بەڵکــو بە کێشــی خۆمــاڵیش(٢٦٣:٨) نووســراوە. بەمشــێوەیە چــوارین لە ئەدەبی کوردیدا بە چەند کێشێکی عەرووز و کێشی خۆماڵیش (کێشی پەنجە) نووسراوە.

**سەروای چوارین**

ســەروای چــوارین ئەوەنــدە بــۆ چــوارین گــرینگە کە زۆرجــار جۆرەکــانی چــوارین لەڕووی شــێوەوە، بە جۆرەکانی سەرواکەی ناوی لێدەنرێت. واتا سەروا بڕیار لەسەر جۆری چوارینەکە دەدات. ناسینەوەی چوارین بەهۆی سەرواوە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چوارین زیاتر لە جۆرێکی سەروای هەیە، وەک: "(ا ا ا ا، ا ب ا ب، ا ا ب ا، ا ب ج ب، ... )"(٢٦٣:٨). ئەمانە جۆرە سەرەکییەکانی سەروای چوارینن کە بەپیت یاخود بەپیتەکانی کۆتایی لەتە دێرەکانی چوارین دەناسرێتەوە. ڕەنگە جۆری دیکەش هەبێت، بەڵام ئەمانە جۆرە ســەرەکییەکانی ســەروای چــوارینن. لەنێــو ئەم جۆرانەشــدا، ســەروای جــۆری (ا ا ب ا) لە هەموویــان زیــاترە(١٦٢:١٩)(٢٦٣:٨). ئەم جــۆرە ســەروایەش، ســەروای نیــوە دێــری یەکەم و دووەم و چوارەم یەک سەروایە و ســەروای نیوە دێری سێیەمیش جیاوازە. ئەمجۆرە سەروایە ئەوەندە زۆرو بــاوە کە وایکــردووە نــاوی دیکەشــی هەبێــت، وەک ســەروای: خەیــامی(٢٠٥:٥)، ســەروای بــێ گــون (گونک)(١٦٢:٩)، سەروای خەسیو = خەسیاگ(٧٤:٢). بەمشێوەیە چوارین لە ئەدەبی کوردیدا گەلێک سەروای جیاوازی هەیە، بەڵام لە هەموویان بڵاوتر جۆری (ا ا ب ا)(١٦٢:٩)ە.

**بواری چوارین بۆ لەخۆگرتنی بابەتەکان**

چــوارین قــالبە شــیعرێکی گونجــاو و لەبــارە بــۆ دەربــڕین لە بــابەتە ســەرەکییەکانی ژیــان و خولیاکــانی مــرۆڤ. بەدرێژایــی ڕۆژگــار، مــرۆڤ کەل و پەل و شــتەکانی دەروپشــتی بەکارهێنــاوە، زۆرجــاریش بەڕێگەی ئەمانەوە دەربڕینی لە هەستەکانی خۆی کردووە. لەوەتەی جۆرە جیاجیاکانی هونەر و ئەدەب پەیدابوونە، مرۆڤ باشتر دەربڕینی لە هەست و سۆزەکانی خۆی کردووە. چوارین وەک قالبێکی شیعری، دەرفەتێکی لەباری بۆ دەربڕینی هەستەکانی مرۆڤ ڕەخساندووە. چونکە هەر لە کۆنەوە چوارین " بۆ مەبەستی سۆفیزم و دڵداری و فەلسەفە و شەراب و مەیخانە و پەند و قسەی نەستەق و دانــایی و شــتی تــر بەکــاردەهێنرێ"(١٦٢:٩). هەر لە کــۆنەوەش "بەگشــتی ســۆفییەکان بایەخیــان بە هــۆنینەوەی چــوارینە داوە بەهــۆی دابینبــوونی بڵاوبــوونەوەی بە ئاســانی، نەمــازە ســتران ئاســاییە و قاڵبەکەی بۆ ناوەڕۆکی سۆفییانە و عیرفانی گونجاوە. هەروەهاش بەلای فەیلەسووف و زاناکانەوە بۆ گوزارشت و دەربڕینی هزرۆکەکانیان"(٧٧:٢) بەکارهاتووە.

وەنەبێ چوارین هەر تایبەتبێت بە ئەدەبی کۆن و بابەتە لەمێژینەکانی هزری مرۆڤ، بەڵکو لەبەر گونجــاوی چــوارین بــۆ لەخــۆگرتنی بابەتەکــان، دەبینــین " لە ئەدەبــی تــازەش دا هەیە و بــۆ مەبەســتی سیاسی و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی"(١٦٢:٩) و زۆر بابەتی تاکەکەسی و زیندووی نێو ژیانی نوێی مرۆڤ، بەکارهاتووە.

دادپەروەری وەکــو بــابەتێکی گرینــگ و زینــدووی ژیــانی مــرۆڤ، لە چوارچێــوەی بــابەتە فەلســەفی و یاساییەکان، مرۆڤ بە زۆر ڕێگا هەوڵی بەرقەرابوونی داوە. لە ڕێگەی جۆرە جیاوازەکانی ئەدەبەوەش، دەربڕینــی لێکــردووە. لەنێــو ئەدەبدا، لە قــالبی چوارینــدا بەکارهــاتووەو بــۆتە یەکێــک لە نــاوەرۆک و بابەتەکان.

داپەروەری کاتێک لە ڕێگەی چوارینەوە دەردەبڕدرێت، ئەوە زۆر کاریگەر دەبێت، چونکە سروشتی چوارین ئەوهایە کە بە کورتترین ڕێگاو شێوازەوە، دەربڕین لە هزرو هەستەکانی مرۆڤ دەکات. بەمەش وادەکات کە ناوەرۆک و بابەتی داپەروەری لەڕێگای چوارینەوە زۆر کاریگەرو زیندووبێت، بەشێوەیەکی کورت، کاریگەری خۆی لەسەر خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەو بیسەر لەکاتی گوێگرتندا، بەجێبهێڵێت.

**تەوەری دووەم/ باسی یەکەم: ژیانو بەرهەمی جاهید**

جاهید ناوی تەواوی بورهان کوڕی محەمەد کوڕی عەبدولڕەحمان دۆغرەمەچییە. لە ساڵی ١٩١٨ لە هەولێر لەدایکبووە. وشەی (جاهید)ی هەڵبژاردووە وەک نازناوی شیعر. قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی ئوولای (یەکەمی) هەولێر تەواوکردووە. لە تەمەنی منداڵیدا باوکی کۆچی دوایی کردووە. دایکی شووی بە شوبرای خۆی کردۆتەوە کە جەبار ئاغای کانی شاعیرە، واتە مامی جاهید، لەبەر ئەوە لەماڵی مامی گەورە بووە. لەدوای خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی ناوەندی هەولێر خوێندوویەتی. لە پۆلی دووەم لەساڵی ١٩٣٤ لە قوتابخانە دوور کەوتۆتەوە. لەو سەردەمەدا دایکی کۆچی دوایی کردووە، بێ داڵدە ماوەتەوە، تووشی دەست کورتی و ئاوارەیی بووە. کە ناوی بۆ خزمەتی سوپا هاتووە، خۆی نەدزیوەتەوە، لە ساڵی ١٩٣٧ تا ١٩٤٠ سەربازبووە لە ئۆردووگاکانی کەرکوک و سلێمانی و کۆیەو ڕواندز. هەر لەو کاتەی لە عەسکەری ڕزگاری بووە، خووی داوەتە سەرخۆشی و ژیانێکی بێ سەروبەری بردۆتە سەر. لە ساڵی ١٩٤٥ جاهید یەکێک بوو لەوانەی بەر لێشاوی هێرشی حوکوومەتی کۆنەپەرستی عێراق کەوتن بەهۆی بزووتنەوەی ئەو سەردەمەی بارزانییان و ماوەیێک لە گرتووخانە مایەوە. لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم ژنی هێنا، ماوەی سەرخۆشی و ئاوارەیی لە ژیانیدا تا پلەیێک بەسەرچوو و هەندێ ئۆقرەی گرت. لەو کاتەدا بوو بە مووچەخۆر لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ڕێگەوبان و هاتوچۆ لە هەولێر. لە پاشانا کارگێڕی نامەخانەی ناوچەیی عەنکاوەی پێ سپێررا لە هەولێر. لەدوای ماوەیەک خانەنشینکرا. لە ڕۆژی ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٩١ لە هەولێر کۆچی دوایی کردو هەندێ شیعری جوان و بەپێزی لەدوای خۆی بۆ نەتەوەی بەجێهێشت(١٠:٣٢١-٣٢٢) .

لەڕووی بەرهەمەوە، جاهید (سێ) دیوانی چاپکراوی هەیە. یەکەمیان ناوی (چوارینەکانی جاهدی)(٣)یەو لە ساڵی ١٩٧٩، چاپکراوەو لە (١٦٨) لاپەڕە پێکدێت. لە ڕووی پێکهاتەو قالبی شیعرییەوە، ئەم دیوانە لە (چوارین، غەزەل، هەڵبەست، پێنجخشتەکی، قەسیدە، تاک) پێکهاتووە، چوارینەکانیش لە هەموویان زیاترن.

دووەم بەرهەمی جاهید، ناوی (چوارینەکانی جاهید)(٤)یەو لە ساڵی ١٩٨٢ چاپکراوە، لە (٨٤) لاپەڕە پێکهاتووە. ئەم دیوانەی تایبەتە بە چوارینو لە (١٦١) چوارین پێکهاتووە.

سێیەم بەرهەمی، ناوی (فەلسەفەو چوارینەکانی جاهید)(٦)ەو لە ساڵی ١٩٨٥ چاپکراوە. ئەم دیوانە لە (١٠١) لاپەڕە پێکهاتووە. لە ڕووی پێکهاتەو قالبی شیعرییەوە، لە (چوارین، غەزەل، قەسیدە، هەڵبەست) پێکهاتووە. ئەم دیوانەی تاکە دیوانە کە جاهید خۆی پێشەکی بۆ نووسیوە. لە پێشەکییەکەدا، جاهید زۆر بە کورتی باس لە ژیانی خۆی دەکات. ئەوەش ڕادەگەیەنێت کە نازناوی (جاهید)ە، چونکە لە دیوانەکانی پێشوویدا بە نازناوەکانی (جاهدی، جاهیدی، جاهد) ناوی هاتووە. لە پێشەکییەکەدا، جاهید ئاماژە بە شتێکی گرینگ دەکات، ئەویش ئەوەیە کە جاهید پێی وایە کە شیعر (سەنعەتە)، دیارە ئەمەش

بابەتێکی گرینگو وردی تیۆرو ڕەخنەی ئەدەبییە. هەر لە پێشەکییەکەدا جاهید ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە لەبەر ئەوەی شیعرەکانی ئەم دیوانەی زۆر ئامۆژگاریو پەندو عیبرەتی تێدایە کە شایەنی ئەوەیە خەڵک بتوانێ بەهۆیانەوە باشو خراپ لێکجیابکەنەوە، بۆیە ناوی (فەلسەفەو چوارینەکانی جاهیدی) لەم دیوانەی ناوە. لە ڕووی پێکهاتەو جۆری قالبی شیعری سەرجەم دیوانەکانی جاهیدییەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە جاهید قالبە شیعری جۆراوجۆری نووسیوە، بەڵام لە هەموویان زیاتر، چوارینەکانن.

**باسی دووەم: ڕەنگدانەوەی بیری دادپەروەری لەنێو چوارینەکانی جاهیددا**

لەنێو ئەو بابەتانەی کە جاهید بەهۆی چوارینەکانییەوە دەریبڕیون، باس و بابەت و بیری دادپەروەری بەگەلێک شێوەو جۆر، باسی لێوەکراوە. چوارین کە قالب و هونەرێکی شیعرییە، زۆر بابەت لەخۆوە دەگرێت. دادپەروەریش وەکو بابەتێکی زیندووی کۆن و نوێ، لە چوارینەکانی جاهیدا بوونی هەیە. جاهید لە ڕووەکانی (گرینگی دادپەروەری، ئەنجامی دادپەروەری، نەبوونی دادپەروەری، سیفەتی کەسی دادپەروەرو بابەتی دیکەش)، چوارینی نووسیوە.

**گرنگی دادپەروەری بەلای جاهیدەوە**

جاهید درکی بەگرینگی بابەتی دادپەروەری کردووەو بیروبۆچوونی تایبەتی خۆی لەبارەوە دەربڕیوە. بەبۆچوونی جاهید، دادپەروەری بابەتێکی گشتییە، تایبەت نییە بە دەسەڵات و چینێکی تایبەتەوە، بەڵکو دادپەروەری دەبێت بۆ هەموو کەس بێت و لە ژیاندا ڕەنگبداتەوە. لە چوارینەیەکدا دەڵێت:

عەدالەت نەک بۆ شاهو سوڵتانە
یا بۆ ئاغانە یا بۆ بەگانە
عەدالەت سەنگ و تەرازووی ژینە
رووحی ئەخلاقی هەموو ئینسانە (٣:١٠٣)

لەم چوارینەدا جاهید ئەوە ڕادەگەیەنێت کە نابێ هەر تەنیا شاو سوڵتان و ئاغاو بەگان، خەریکی دادپەروەری بن، تەنیا ئەوان بەرپرسیاری جێبەجێ کردنی دادپەروەری بن، بەڵکو دەبێت هەموو چین و پێکهاتەکانی کۆمەڵگا، بەشداری تێدا بکەن و لەژیانی ڕۆژانەیاندا پەیڕەوی بکەن. بەبۆچوونی جاهید، دادپەروەری یەکێکە لە پێوەر و کێش و هەڵسەنگاندنەکانی ژیان. بەبێ دادپەروەری، ژیان کۆڵەکە و ڕاگرێکی سەرەکی لەدەست دەدات. جاهید ئەوەش ڕادەگەیەنێت کە دادپەروەری ڕەوشتێکی بەرزی مرۆڤەو بەهۆیەوە کەسایەتی بەرزی مرۆڤ بەدیاردەکەوێت. لە چوارینەیەکی دیکەدا دەڵێت:

گەر هەموو کارمان بە عەدل و میزان
بەکاری بخەین لە عومرو ژیان
هەر سەرئەکەوین تا لە ژیانین
لە کردەوەمان نابین پەشیمان (٣:١٠٣)

لە چوارچێوەی ئەم چوارینەدا، جاهید ئەوە ڕادەگەیێنێت کە ئەگەر دادپەروەری بەرقەراربێت و لە ژیاندا کاری پێبکرێ، ئەوە لە ژیان و کارەکانماندا سەردەکەوین و دەبێتە مایەی خۆشی و ئاسوودەیی. کردەو جێبەجێ کردنی دادپەروەری، هیچ پەشیمان بوونەوەیەکی لەدوادا نییە، ئەگەر ئەنجامی دادپەروەرییەکە لە بەرژەوەندی کەسەکەش نەبێت، بەڵام چونکە ویژدانی بڕیار لەسەر دادپەروەری و ئەنجامەکەی دەدات، بۆیە لە کۆتاییدا دەبێتە مایەی ئاسوودەیی. لە چوارینەیەکی دیکەدا دەڵێت:

ئەمن و ئاسایش سەرکردەی کارە
مللەت بەمانە بەرزو دیارە
خاصە دەوڵەت هەر بە عەدالەت
ناوچەی وولاتی بێ درک و دارە  (١٠٣:٣)

ئەم چوارینەیە، ئەوپەڕی گرینگی و کاریگەری دادپەروەری لە دیدی جاهید دەردەخات. گرینگییەکەی لەوەوە بەرجەستە دەبێت کە ئەگەر دادپەروەری پەیڕەو بکرێت و بەرقەراربێت، ئەوە وڵات لە بارێکی ئاسایشدا دەژیت. دیارە ئاسایشی وڵاتیش بناغەی هەموو کارەکانی دیکەیەو بەهۆی ئاسایشی وڵاتەوە، زۆربەی بوارەکانی ژیان پێشدەکەون.

لەچوارچێوەی ئەم چوارینانەدا، جاهید زۆربە ئاشکرا گرینگی دادپەروەری دەخاتەڕوو، گرینگییەکەشی بۆ هەموو کەس و پێکهاتەو سەرکەوتن لە کارو ئاسایشی وڵات دەگەڕێنێتەوە.

**ئەنجامی دادپەروەری**

دادپەروەری لەژیاندا بەدرێژایی ڕۆژگار لەسەر هێڵێکی ڕاست و تەریب نەڕۆیشتووە، بەڵکو بەپێی سەردەم و بارە کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابووری و ... هتد، گۆڕانی بەسەر داهاتووە. هەبوونی لە هەموو سەردەمەکان وەک یەک نەبووە، لە هەندێ کاتدا هەبوونەکەی پتەو بووە، لە هەندێ کاتی تریشدا لاوازبووە.

لە چوارینەکانی جاهیدا، بابەتی دادپەروەری لە زۆر ڕووەوە هاتووە، یەکێک لە ڕووەکان ئەوەیە کە دادپەروەری ئەنجامی لێدەکەوێتەوە. وەک بابەتی کارو کاردانەوە. جاهید لە چوارینەکانیدا ئەوە دەسەلمێنێ کە هەموو کارێک کاردانەوەی هەیە. تەنانەت لەگەڵ ئەو پەندە کوردییەش یەکدەگرێتەوە کە دەڵێت: (چ بچێنی، ئەو دەدوورییەوە). بەبۆچوونی جاهید، ئەم ژیانە بای ئەوەی تێدا ماوە کە هەر کارێک بکەی، بە ئەنجامەکەی دەگەی.

سەبارەت بە دادپەروەریش، جاهید بەگەلێک شێوە ئەنجامی دادپەروەری ڕوون دەکاتەوە. لە زۆربەیاندا جاهید بەپێی هاوکێشەی (کارو کاردانەوە) ئەنجامی دادپەروەری بەدیاردەخات و دەیگەیەنێتە خاڵی کۆتایی. لە چوارینەیەکیدا دەڵێت:

یاریدەی خۆتە یاریدەی ئینسان
تۆش هەر ئەکەوی ڕۆژێ لە ڕۆژان
ئەوسا یاریدەی کەسێکت دابێ
ئەویش یاریدەت ئەدا بێ وەستان  (٢٦:٦)

لە چوارچێوەی ئەم چوارینەیەدا، جاهید ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە یارمەتیدانی کەسێک وەک ئەوە وایە کە یارمەتی خۆت بدەی. بەیارمەتیدانی کەسانی دیکە، ڕۆژێک لە ڕۆژان بەهەمان شێوە یارمەتی تۆش دەدرێتەوە. لایەنی دادپەروەری لەم بۆچوونەدا، لەوە بەدیاردەکەوێت کە مرۆڤ دەگاتە بەدیهاتنی دادپەروەری و بەچاوی خۆی دەیبینێ. دادپەروەرییەکە لەوە دایە کە هەموو کارێک بگاتە ئەنجامی ڕاست و دروستی خۆی. لە چوارینەیەکی دیکە دەڵێت:

دەست مەدە کارێ کە کارت نەبێ
بێزاریش مەبە بازاڕت نەبێ
معلوم بێ زەحمەت ناگەی بە ئامانج

ناگەیتە خۆشی ئازارت نەبێ (١٩:٣)

لەم چوارینەیەدا جاهید ئەوە ڕادەگەیەنێت کە بۆ ئەوەی بگەی بەو ئامانجەی کە هەتە، دەبێ ڕەنجی بۆ بدەی و ماندووبی. ئەگەر ماندوو نەبی، ناگەیە ئەنجام. دادپەروەری لە ماندووبوون و بە ئەنجام گەیشتنە. لێرەدا ئەوەش ڕادەگەیەنێت کە ئەو کەسانەی بەبێ ماندووبوون دەگەنە ئەنجام، ئەوە دادپەوەری نییە، بەڵکو نادادپەروەرییە. لە چوارینەیەکی دیکەدا دەڵێت:

لابوودە ئەڕژێ کە پڕ بوو کاسە

هەر شت بەگوێرەی وەزن و قیاسە

ئەو خۆشەویستە ڕەوشتی باشە

ئەگەر پاشایە ئەگەر کەنناسە (٣٠:٣)

بەپێی ئەم چوارینەیە هەموو کارێک کۆتایی هەیە، کاسە بڕێکی دیاریکراو لە شت دەگرێ، بەپڕبوونی لێی دەڕژێتەوە. دادپەروەری لەوەدایە کە هەموو شتێک بەپێی کێش و پێوانەی خۆی بێت. هەر لەو چوارینەیەدا جاهید بیرێکی دیکەی دادپەروەری ڕادەگەیەنێت، ئەویش ئەوەیە: ڕەوشتی باش دەبێتە مایەی خۆشەویستی بۆ خاوەنەکەی. دیسان هاوکێشەی کارو کاردانەوە بە لۆژیکە ڕاستەکەی خۆی، خۆی دەهێنێتە پێشەوەو ئەوە دەسەلمێنێ کە ڕەوشتی باش بۆ هەر کەسێک دەبێتە مایەی خۆشەویستی و ڕێز، ئینجا ئەو کەسە لەو پەڕی پلەی بەرزی کۆمەڵایەتی بێت، یاخود لەو پەڕی پلەی نزمی دابێت.

لە چوارینەیەکی دیکەدا، جاهید جارێکی دیکە ئەوە ڕادەگەیەنێت کە گەیشتنە ئەنجام و ئامانج، ماندووبوونی دەوێ، وەک:

خەفەت بەهیوا لائەچێ لە دڵ

توقیش بە سەبر دەرئەچێ لە مل

بولبول نەکێشێ ئەزیەت و جەفا

لەکوێ وەرئەگرێ تام و بویی گوڵ (٢٠:٤)

لەم چوارینەیەدا جاهید ئەو ڕاستییە دووپات دەکاتەوە کە گەیشتنە ئەنجام، ماندووبوونی دەوێت، ئەمەش لە ئەزموونی ژیانی بولبول و گوڵ دەنەخشێنێ. لە چوارینەیەکی دیکەدا دەڵێت:

ناحەق زەحمەتە بناغە تێکدان

زۆردار ماڵی خۆی هەر ئەبێ وێران

ئەو کەسەی ماڵی تێک ئەدەی مەعلوم

ئەویش وەکو تۆ انسانە انسان (٣٣:٤)

لەم چوارینەیەدا ئەوە ڕادەگەیەنێت کە ئەنجامی زۆردار لەناوچوونیەتی، چونکە ئەو کارو کردەوانەی کە کردوویەتی، ڕێی ژیانی دەنەخشێنێ و بڕیار لەسەر چارەنووسی دەدات. زۆردار کە لە ژیانیدا ئەزیەتی خەڵکی دەدات، بۆیە چارەنووسەکەی ماڵوێرانییە، ئەمەش دادپەروەری دووپات دەکاتەوە.

لە چوارینەیەکی دیکەدا، جارێکی دیکە جاهید باس لە هەوڵ و ماندووبوون و گەیشتنە ئەنجام و ئامانج دەکاتەوە، بۆ نموونە:

بە جل و بەرگت قەت مەبە بایی

بیک دوو سەعاتە سەیران و شادیی

گەر ڕەنجێک نەدەی زەحمەت نەکێشی

ناگەیتە هیوات سووک و سانایی  (٤٩:٤)
ئەم چوارینەیە بە ئاشکرا لایەنی ڕاست و دروستی دادپەروەری دەردەخات کە مرۆڤ بە هەوڵ و تێکۆشان دەگاتە ئامانجە بەرزو پیرۆزەکانی خۆی. لە چوارینەیەکی دیکەدا دەڵێت:

سەبر کلیلی اواتی ژینە
نەرمی دەرمانی زام و برینە
قسەی ڕەق دڵی عالەم ئەشکێنێ
قازانجی زۆردار شینو گرینە  (٧٩:٤)

دیسان چارەنووسی دادپەروەرانەی زۆردار ڕوون دەکاتەوە کە ئەنجامەکەی هەر شین و گرین و لەناوچوونە، چونکە لە ژیانیدا زۆرکەسی گریاندووەو ماڵی زۆر کەسی وێران کردووە. بۆیە چارەنووسی خۆشی دەبێت هەر ئەوهابێت. دادپەروەریش خۆی دەسەلمێنێ و ئەوە دووپات دەکرێتەوە کە ئەنجامی دادپەروەرانە ئەوەیە کە هەموو شتێک دەبێت بەپێی کێش و پێوانە و هەوڵ و ماندووبوون بێت.

هەر سەبارەت بە پایەو ڕێزی دادپەروەرانەی سەرۆک و سوڵتانەکان، جاهید دەڵێت:

گەر خۆشەویست بێ لای مللەت سلطان
هەموو امووری ئەڕوا بە آسان
هەر سەر ئەکەوێ هەر سەر ئەکەوێ
ئەمە قانونە لە حوکمی دەوران  (٢٨:٤)

لەم چوارینەیەدا جاهید ئەوە ڕادەگەیەنێت کە ئەگەر سەرۆک و سوڵتانەکان لەلای میللەت خۆشەویست بن، ئەوە کاروباری ڕۆژانەی مەملەکەت و شوێنەکەیان بەباشی بەڕێوە دەچێت. بێگومان خۆشەویست بوونی سەرۆک و سوڵتانەکان لەلایەن میللەتەوە، بەگەلێک شێوە دەبێ، یەکێک لە شێوەکان دادپەروەرییە. بۆیە ئەو سەرۆک و سوڵتانانەی کە دادپەروەرن، لەلای میللەت خۆشەویستن. لە چوارینەیەکی دیکەدا  دەڵێت:

بەسستی هەر خەو ئەبارێتە سەر
بەتووندیش بڕۆی ناگەیتە زەفەر
بەبیرو دانش بڕۆی بۆ ایشت
ئەگەیتە ئەنجام بە حوکمی قەدەر  (٣٠:٤)

لەم چوارینەیەدا جاهید دوو بیری دادپەروەری دەخاتەڕوو:
یەکەم: باس لەوە دەکات کە هەموو کارێک دەبێ بەپێی میانڕەوی و نەرم و نیانی بێت. نابێت بەسستی بێت و ناشبێ بە توندی بێت. بەڵکو دەبێت لەنێوان هەردووکیاندا بێت. ئەگەر لە کارێک سستی بنوێنی، ئەوە ناگەیتە ئەنجامەکەی، ئەگەر کارێکیش بەتوندی وەری بگری، ئەوە بەهەمان شێوە لە دەستت دەشکێ و بە ئەنجامەکەی ناگەی. واچاکە جێبەجێ کردنی کار نەبە سستی بێت و نەبە توندی، بەڵکو لەنێوان هەردووکیاندا بێت.
دووەم: ئەگەر ئەو کارەی دەیکەی بەبیرو لێکدانەوەو هزرو زانست بێت، ئەوە بێگومان دەگەیە ئەنجامەکەی. هەوڵ و ماندووبوون و گەیشتنە ئەنجام،  لایەنی دادپەروەری دەگەیەنێت.
سەبارەت بە درۆو چارەنووسی کەسی درۆزنیش، جاهید دەڵێت:

درۆ انسان ئەخاتە زندان

ڕو ڕەشی ئەکا لە بەردەم انسان
درۆزن نیتی قەدرو اعتبار
قازانجێک ناکات لە عومرو ژیان (٣٠:٤)

لەم چوارینەیەدا جاهید دوو ڕاستی سەبارەت بە درۆو کەسی درۆزن دەخاتە ڕوو: لە بارەی درۆوە، ئەوە ڕادەگەیەنێت کە هیچ سوودێکی نییەو دەبێتە مایەی چوونە زیندان و ڕوو ڕەشبوونی خاوەنەکەی. سەبارەت بە سیفەتی درۆزنیش، ئەوە ڕادەگەیەنێت کە کەسی درۆزن لە ژیاندا هیچ ڕێزو قەدرێکی نییە. لە ژیانیشدا هیچ قازانجێک ناکات و بە ئەنجام ناگات. لایەنی دادپەروەری لەم چوارینەیەدا لەوەوە خۆی دەبینێتەوە کە درۆو درۆزن، چارەنووسیان خراپەو بەئەنجام ناگەن. لێرەدا جاهید بەشێوەیەکی دادپەروەرانە مامەلە لەگەڵ ئەم کارە نابەجێیە دەکات و چارەنووسە دادپەروەرییەکەی درۆو کەسی درۆزن ڕوون دەکاتەوە کە لە ژیاندا هیچ پاشەڕۆژو ئەنجامێکی باشیان نییە.

لەم چوارینانەدا جاهید بەگەلێک شێوە ئەنجامی دادپەروەری ڕادەگەیەنێت و بەپێی هاوکێشەی (کارو کاردانەوە) و هەوڵ و ماندووبوون و گەیشتنە ئەنجام، خاڵی ڕۆشنی دادپەروەری ڕادەگەیەنێت و لە زۆربەشیاندا دادپەروەری بوونی هەیەو دەگاتە ئەنجام.

**نەبوونی دادپەروەری**

دادپەوەری زۆرجار لە نەبوونیدا هیوای بۆ خوازراوەو هەوڵی بەدیهێنانی بۆ دراوە. هەموو کاتێک دادپەروەری بەیەک شێوە نەڕۆیشتووە. بەرزی و نزمی، ساردی و گەرمی، هەبوون و نەبوونی بەخۆوە بینیوە. جاهید لەچەند چوارینەیەکدا، بەشێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، باس لە نەبوونی دادپەوەری دەکات. لە چوارینێکدا دەڵێت:

دونیا بۆ بەعزێک شایی و سەیرانە
بەزم و زەماوەند شادی و خەندانە
بەڵام بەعزێکیش خنکاوی غەمە
هەموو ژیانی شین و گریانە (٨٤:٤)

بەپێی ئەم چوارینەیە، دونیا بۆ خەڵکی دابەشی سەر دوو جۆرە ژیان بووە، بەشێک لە خۆشی و شادی دەژین، بەشێکی دیکەشیان خنکاوی نێو خەم و خەفەتن. ئەگەر دادپەوەری هەبوایە، ئەوە دەبوو هەموو خەڵک لە یەک ئاست بژین و جیاوازی نەکەوێتە نێوانیان. ئەم بیرۆکەیە لەگەڵ بیری (یەکسانی) یەکدەگرێتەوە کە داخوازی ئەوە دەکات کە خەڵک هەموو بەیەکسانی بژین. بەڵام ئایا هەموو یەکسانییەک دادپەوەرییە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسە، دەڵێین: هەموو یەکسانییەک دادپەروەری نییە، چونکە بناغەی دادپەروەری، لەسەر هەوڵ و تێکۆشان و ماندووبوون و بەدەستهێنانی مافە، واتا دادپەروەری لەسەر بناغەی ئەرک و ماف دادەمەزرێت. بەڵام یەکسانی بێ جیاوازی و پلە، ئەوە نادادپەروەری دروست دەکات. چونکە مافی یەکسان بۆ هەموو خەڵک دادپەروەری نییە، بەڵکو دەبێت بەشێوەیەکی دادپەروەرانە ئەرک و ماف بۆ خەڵک وەک یەک بڕەخسێ، ئینجا دادپەروەری ڕاستەقینە بەدیدەهێت. بەشێوەیەکی سەرەتایی، جاهید لەم چوارینەدا دەخوازێ ئەوە بڵێت کە دادپەروەری بەشێوەیەکی ڕاست و دروست نییە، بۆیە خەڵکانێک لە خۆشی و شادی دەژین و خەڵکانێکیش نوقمی خەم و خەفەتن.

جاهید لە دوو چوارینی لە یەک نزیکدا، جارێکی دیکە نەبوونی دادپەوەری ڕادەگەیەنێت، لە یەکەمیاندا دەڵێت:

پیاوێک چەنێ کۆششی ئەکرد
هەر ساتێ پەنای بۆ یەزدان ئەبرد
کە مرد کەس نەبوو بیباو بینێژێ
دە گەز کفنەکەی ئەویشی نەبرد  (٢٢:٦)

بەپێی ئەم چوارینەیە، جاهید ئاوابوونی خۆری دادپەروەری وێنەدەکێشێ. باس لە ئەزموونی پیاوێکی ماندوو و هیلاک و خواپەرست دەکات. بەڵام لە مردنیدا ئەو خواپەرستی و ماندووبوونەی لە ساتی شووشتن و ناشتنیدا بەدیاردەکەوێت کە کەس نەبووە خەمی لێبخوات و وەکو مرۆڤێکی ئاسایی و باوەڕدار کارەکانی ساتی مردنی بۆ جێبەجێ بکەن. نەبوونی دادپەروەری لەوەدایە کە مرۆڤێکی باوەڕدارو خواپەرست کۆتاییەکەی لەنێو خەڵکانی دەوروبەری بە پشتگوێخستن کۆتایی هاتووە، لە کاتێکدا دەبێت مرۆڤی باوەڕدار لەنێو کەسانی وەکو خۆی لە ژیان و مردنیدا، ئەوپەڕی ڕێزی لێبگیرێت.

لە چوارینەکەی دیکەدا دەڵێت:

یەکێک کارێکی نەکرد لە ژیان
پەنای نەدەبرد بە زاتی یەزدان
کە مرد جەنازەی سەد مەلازادە
هەڵیان گرتبوو هەر لەسەر ملان  (٢٢:٦)

ناوەرۆکی ئەم چوارینەیە پێچەوانەی ناوەرۆکی چوارینەکەی پێشووە. جارێکی دیکە بەشێوەیەکی دیکە، نەبوون و کاڵبوونەوەی وێنەی دادپەروەری دەنەخشێنێ. ئەم چوارینەیە باس لە کەسێک دەکات کە لە ژیانیدا هیچ کارێکی نەکردووەو ڕەنجی نەکێشاوە، لە خواپەرستیشدا دوور بووە. بەکورتی بەپێی بیروباوەڕی ئیسلامی، مرۆڤێکی بێ کەلک و خوانەناس بووە، بەڵام لەو کات و ساتەی کە دەمرێ و دەیبەنە گۆڕستان، دەبینین بەپێی چوارینەکە، ئەوپەڕی ڕێزی لێنراوەو لەسەر ملی سەد مەلازادە بووە. ئەمەش نەبوونی دادپەروەری ڕادەگەیەنێت. دەتوانین ئەوەش بڵێین کە ئەم چوارینەیە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لێبوردەیی کۆمەڵگای ئیسلامی ڕادەگەیەنێت، کە ئەمەش بابەتێکی ترە.

بەپێی ئەم چوارینانە، جاهید نەبوونی دادپەوەری لە دەوروبەری ڕادەگەیەنێت و وێنەی نادادپەروەرییەکانیش لەشێوەو وێنەی جیاوازدا، بەشێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ پیشان دەدات.

**تایبەتمەندییەکانی کەسی دادپەروەر**

جاهید هەر لە بواری دادپەروەری نامێنێتەوە، بەڵکو ڕوانگەی خۆی فراوانتر دەکات و ئاوڕ لە بەشێکی تری پەیوەست بە دادپەوەری دەداتەوە، کە ئەویش کەسی دادپەروەرە.

دادپەروەر بکەرو ئەنجامدەری دادپەروەرییە، جاهید دادپەروەر بە بەرپرس لە بەرامبەر دادپەروەری دەزانێ. لە چوارینەیەکدا دەڵێت:

دادپەروەر ئەبێ بپرسێ لە داد
دەرگەی والابێ بێ وەخت و میعاد
گەورە گەر یادی مردن و خوا کات
هەردەم بچووکی خۆی ئەکا دڵ شاد  (٥٣:٦)

بەپێی ئەم چوارینەیە، کەسی دادپەروەر ئەرکی ئەوەی لەسەرشانە کە لە داد بپرسێ و ئاگاداری ڕەوشی بەڕێوەچوون و سەقامگیری دادپەروەری بێت. نابێت هیچ کاتێک لە دادپەروەری بێ ئاگابێت و

پشتگوێی بخات. بەپشتگوێخستنی دادپەروەری، بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی کەسی دادپەروەر، کاریگەری نامێنێ. جاهید دادپەروەری وەکو باخچەیەک دەبینێ و دادپەروەریش وەکو باخچەوان سەیر دەکات، کە پێویست دەکات هەموو ڕۆژێک ئاگای لە باخچەکەی بێت و جوان بژارو پەروەردەی بکات.

لە چوارینێکی دیکەدا دەڵێت:

هەموو مەسئوولێ پێویستە لە ژین

خۆی بنوێنێ عادل و ئەمین

ئەگەر بشمرێ ناوی ئەمێنێ

بە ئینسانی چاک ئەناسرێ یەقین (۱۰۳:۳)

لەم چوارینەیەدا، جاهید داوا لە بەرپرسان دەکات کە لە ژیانیاندا پەیڕەوی دادپەروەری بکەن و دەستیان پاک بێت. جاهید ڕووی دەمی لە بەرپرسانە، بە دادپەروەربوونی بەرپرسان، خەڵکی سادەو ساکاریش پەیڕەوی دادپەروەری دەکەن، چونکە ژیان و بەسەرهاتی بەرپرسان، کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ژیانی خەڵکی گشتی و ڕەشەوەندی کۆمەڵگاوە هەیە. بۆیە دادپەروەربوونی بەرپرسان، دەکاتە نموونەیەکی کاریگەرو زیندوو بۆ زیندووبوونی دادپەروەری لە کۆمەڵگادا. جاهید مژدەی ئەوەش بە بەرپرسی دادپەروەر ڕادەگەیەنێت کە ئەگەر بشمرن، ئەوە ناویان ون نابێت و لە پاشەڕۆژدا بە کەسێکی چاک دەناسرێ. بەپێی ئەم چوارینەیە، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بەرپرسان ئەوەیە کە دەبێت لە ژیان و کاتی دەسەڵاتداریدا، دەبێت دادپەروەربێت.

**نموونەی کەسی دادپەروەر**

لە دوو چوارینی پێشوودا، جاهید وەکو سیفەتێکی گشتی باس لە کەسی دادپەروەر دەکات و هێڵە گشتییەکانی دیارکردووە. جاهید لەم دوو چوارینەشدا بەشێوەیەکی ورد تیشک دەخاتە سەر کەسێکی دیاریکراوی دادپەروەری و لە ژیاندا نموونەیەکی بەرچاو هەڵدەبژێرێت کە ئەویش خەلیفەی دووەمی موسڵمانان (عومەری کوڕی خەتتاب)ە. جاهید لە چوارینی یەکەمدا دەڵێت:

(عمر الخطاب) ڕەضای خوای لەسەر

بەس خۆی و عەبدی کە چوون بۆ سەفەر

بە نۆبە سوار ئەبوون لەسەر ووشتر

بەم جۆرە ئیسلام قودسی گرت بێ شەڕ (۱۰٤:۳)

بەپێی ئەم چوارینەیە، جاهید بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باس لە دادپەروەربوونی عومەری کوڕی خەتتاب دەکات، ئەویش لەڕێگەی ئەو چیرۆکەی کە جارێکیان عومەر لەگەڵ عەبدێکی چوونەتە سەفەرو تەنیا یەک وشتریان پێ بووە. بەپێی پلەو پایەی عومەرەوە وەکو خەلیفەی موسڵمانان، ئەوە دەبێت عومەر سواری وشترەکە بێت و عەبدەکەش پیادە بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی عومەر کەسێکی دادپەروەربووە، ئەمەی نەکردووە، بەڵکو بۆ هەر ماوەیەکی ڕۆیشتنی سەفەرەکەیان، بە نۆرە خۆی و عەبدەکەی، هەر جارێک یەکێکیان سواری وشترەکە بووەو ئەوەی دیکە پیادە بووە. بەمجۆرە عومەر بۆتە ئەنجامدەری دادپەروەری لەنێوان خۆی و عەبدەکەی، کە مانای بەرقەراربوونی دادپەروەری لەنێوان خەلیفەی موسڵمانان و عەبدێک دێت. لە چوارینەکەی دیکەدا دەڵێت:

دونیای ئیسلام کرد عەدل و اطاعەت

عەدالەت نەبێ هیچە شەجاعەت

لەگەڵ هەموو کەس بە ڕاستی بڕۆین
اصلا ئەمەیە جەوهەرو غیرەت  (١٠٤:٣)

لەم چوارینەیەدا جاهید جارێکی تر لەپەسنی عومەری کوڕی خەتتابدا، ئەوە ڕادەگەیەنێت کە عومەر بەبەرقەرارکردنی دادپەروەرییەوە، خزمەتێکی زۆری بە ئیسلام گەیاندووەو ڕوویەکی جوانی ئیسلامی پیشانداوە. لە کۆمەڵگایەکیشدا ئەگەر دادپەروەری نەبێت، ئەوە ئازایەتی و خۆهەڵکێشانی بەرپرسانیش، هیچ بەهایەکی نییە.

بەم پێیە، جاهید سەرەتا سیفەتە گشتییەکانی کەسێکی دادپەروەر دەستنیشان دەکات و خاڵە سەرەکییەکانی ڕادەگەیەنێت، پاشان لە نموونەی کەسێکی مێژوویی و ئایینیی دیاری وەکو (عومەری کوڕی خەتتاب)، بەشێوەیەکی ورد، کاریگەری کەسی دادپەروەر بۆسەر کۆمەڵگاو ژیان دەردەخات.

**شێوەی خستنەڕووی ئەو چوارینانەی کە بیری دادپەروەریان تێدایە**

شێوەی خستنەڕووی ناوەڕۆکی بەرهەمی ئەدەبی، تا ڕادەیەکی زۆر شێوازی نووسەرەکە لە دیاریکردنی بەرهەمەکە دیاردەکات و جێپەنجەی نووسەرەکە دەردەخات. بەمەش ناسنامەیەکی کورت، یان درێژخایەن بە نووسەرەکە دەبەخشێت و دەبێتە مایەی شێوازی ناسینەوەی بەرهەمەکانی.

جاهید لە چوارینەکانیدا بە چەندین شێوە، بیری دادپەروەری خستۆتەڕوو، کە شێوەی جیاوازیان هەیە. ئێمەش بۆ هەر شێوەیەکیان، چوارینەیەک دەکەینە نموونە. دەتوانین بڵێین کە جاهید بە (سێ) ڕێگەو شێوەی سەرەکی بیری دادپەروەری لە چوارینەکانیدا خستۆتەڕوو، کە ئەمانەن:

یەکەم: بیری دادپەروەری لە هەموو چوارینەکەدا

لەم شێوەیەدا، جاهید هەموو چوارینەکەی بۆ بیری دادپەروەری تەرخانکردووەو بیرە دادپەروەرییەکەی لەناو هەموو چوارینەکەدا تواندووەتەوە، وەک ئەم نموونەیە:

عەدالەت نەک بۆ شاهو سوڵتانە
یا بۆ ئاغانە یا بۆ بەگانە
عەدالەت سەنگ و تەرازووی ژینە
رووحی ئەخلاقی هەموو ئینسانە  (١٠٣:٣)

لەم چوارینەیەدا، بەئاشکرا هەست بەوە بەوە دەکەین کە هەموو چوارینەکە لە چوارچێوەی بیری دادپەروەریدا دەخولێتەوەو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو ئاشکراو بەبوونی وشەو دەربڕینی تایبەت بە دادپەروەری، دەربڕین لە دادپەروەری دەکات. هیچ پێچو پەناو ناڕوونییەکی تێدا نییە. ئەوەی هەیە بەئاشکرا خراوەتەڕوو. هەموو نیوە دێرەکان، بیری دادپەروەریان تێدایەو هەمووشیان بەشداری لە دروستکردنی بیرە سەرەکییەکەدا دەکەن.

دووەم: بیری دادپەروەری لە نیوەی چوارینەیەکەدا

لەم شێوەیەدا، جاهید لە نیوەی چوارینەیەکدا، گوزارشت لە دادپەروەری دەکات. واتا هەموو چوارینەکە وەکو نموونەکەی پێشوو دادپەروەری تێدا نییە، بەڵکو دابەش بۆتە سەر دوو بەش. بەشێکیان بیری دادپەروەری تێدا نییەو بەشەکەی دیکەیان دادپەروەری تێدایە. وەک ئەم نموونەیە:

ئەمن و ئاسایش سەرکردەی کارە
ملەت بەمانە بەرزو دیارە

خاصە دەوڵەت هەر بە عەدالەت
ناوچەی وولاتی بێ درک و دارە (۱۰۳:۳)

لەم چوارینەشدا، بەئاشکرا هەست بە بیری دادپەروەری دەکرێت، بەڵام لە گشت چوارینەکەدا نا، بەڵکو لەنیوەیدا. لە نیوە دێری یەکەم و دووەمدا، تێبینی ئەوە دەکەین کە جاهید باس لە بیری (ئەمن و ئاسایش) دەکات و دوورە لە دادپەروەری. بەڵام لە نیوە دێری سێیەم و چوارەمدا، ئەوە بیری دادپەروەری بەئاشکرا هەستی پێدەکرێت و جاهید گرینگی ئەم بابەتە لەسەر ژیانی میللەت و دەوڵەت ڕووندەکاتەوە. کەواتە دەتوانین بڵێین لەم چوارینەیەدا جاهید دوو بیرۆکەی دەربڕیوە، یەکەمیان باس لە ئەمن و ئاسایش دەکات، کە نیوەی چوارینەیەکەیە. دووەمیان باس لە دادپەروەری دەکات، کە ئەمەش نیوەکەی تری چوارینەیەکەیە.

سێیەم: نەبوونی دادپەروەری بەشێوەی ڕاستەوخۆو هەبوونی بەشێوەی ناڕاستەوخۆ

لەم شێوەیەدا، بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکراو ڕاستەوخۆ، هەست بە بوونی دادپەوەری و ئەو وشەو دەربڕینانەی کە تایبەتن بە دادپەروەری ناکرێت، بەڵکو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، هەستی پێدەکەین، وەک لەم نموونەیەدا:

یاریدەی خۆتە یاریدەی ئینسان
تۆش هەر ئەکەوی ڕۆژێ لە ڕۆژان
ئەوسا یاریدەی کەسێکت دابێ
ئەویش یاریدەت ئەدا بێ وەستان (۲٦:٦)

لەم چوارینەیەدا، تێبینی ئەوە دەکەین کە هیچ وشەو دەربڕینێکی تایبەت بە دادپەروەری نییە، بەڵام لە واتای ناوەوەی چوارینەکەدا، بەتایبەتی لە نیوە دێری سێیەم و چوارەمدا، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، جاهید باس لە ڕاستییەک دەکات، کە ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ ئەگەر لە ژیانیدا چاکە بکات و یارمەتی خەڵکی بدات، ئەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان و لە دواڕۆژدا، بەهەمان شێوە یارمەتی دەدرێت و چاکەی لەگەڵدا دەکرێتەوە. کە ئەمەش بیری دادپەروەرییە، چونکە دادپەروەری لە ئەنجامی ئەرک و ماف، یاخود کارو کاردانەوەوە دێت و ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی وەردەگرێت. دادپەروەری لەوەدایە کە ئەگەر چاکە بکەی و چاکە بێتەوە ڕێگات، ئەوە دادپەروەرییە، بەڵام ئەگەر هیچی نەهاتەوە ڕێگەی و هیچی لێ بەرهەم نەهات، ئەوە نادادپەروەرییە. جاهید لەم چوارینەیەدا باس لە چاکەکاری و هاتنەوەی چاکەکاری دەکات. بیرەکە لە چوارچێوەی دادپەروەری دەخولێتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە جاهید لە چوارینەکانیدا بە سێ شێوەی سەرەکی بیری دادپەروەری خستوتەڕوو.

**ئەنجام**

لەمیانی ئەم لێکۆڵینەوەیە گەیشتینە چەند ئەنجامێک، گرینگترینیان ئەمانەن:

١/ لە زمانی کوردیدا گەلێک وشەو زاراوەی تایبەت بە دادپەروەری هەیەو هاوواتای زۆرە. دادپەروەری چەمکێکی گشتگیرەو لە بوارەکانی: (فەلسەفە، رامیاری، رەوشت) و بواری دیکەش بەکاردێت. بەپێی قۆناغ و سەردەم و بارودۆخەوە، گۆڕان بەسەر چەمک و چوارچێوەی بەکارهێنانیدا هاتووە.

٢/ دادپەروەری نزیکایەتییەکی زۆری لەگەڵ یەکسانیدا هەیە، بەڵام هەموو یەکسانییەک دادپەروەری نییە. دادپەروەری یەکسانی لەخۆدەگرێ، بەتایبەتی لە چوارچێوەی ئەرک و مافدا.

٣/ فەیلەسووفانی کۆن و نوێ، بیروڕای تایبەتیان لەسەر دادپەروەری هەیە، لە چوارچێوەی بیرە فەلسەفییەکانیان، دەروازەی تایبەت و گرینگیان بۆ دادپەروەری کردووەتەوە.

٤/ بەهۆی بەرفراوانی و بڵاوبوونەوەی لە ژیاندا، دادپەروەری گەلێک جۆری هەیە.

٥/ چەمکی دادپەروەری لەگەڵ بەرهەمی ئەدەبیدا، نزیکایەتی هەیە، زۆرجار دەبێتە ئەنجامی کۆتایی بەرهەمێکی ئەدەبی و ڕووی هەڵسوکەوت و کردەوەو چارنووسی کەسەکان دەردەخات و بەشێوەیەکی دادپەروەرانە ئەنجامەکە کۆتایی پێدێت.

٦/ چوارین قالبە شیعرێکی ڕەسەنی نێو ئەدەبی کوردییە، خاوەن بنەماو کێش و سەروای خۆیەتی. بەزۆری بە کێشی هەزەجی عەرووزی دەنووسرێ. گەلێک جۆر سەروای هەیە، لە هەموویان بڵاوتر جۆری (ا ا ب ا)ە. ڕووبەرێکی زۆر باشە بۆ لەخۆگرتنی بابەت و هزرەکانی ژیان.

٧/ بیری دادپەروەری لە چوارینەکانی جاهیدا ڕەنگی داوەتەوەو وەکو بابەتێکی گرینگ و گشتگیر، مامەلەی لەگەڵدا کردووە. بەبۆچوونی جاهید، دادپەروەری ئەنجام و ئامانجی خۆی هەیە. زۆرجار لە چوارچێوەی بیری (کارو کاردانەوە) و ناوەرۆکی پەندی (چ بچێنی، ئەو دەدوورییەوە)، مامەلەی لەگەڵ ئەنجامی دادپەروەری کردووە، ئەوەی دەرخستووە کە دادپەروەری بە ئەنجامی خۆی دەگات. لە چەند چوارینێکدا جاهید نەبوونی دادپەروەری لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕادەگەیەنێ و بەشێوەی جیا دەیخاتە ڕوو.

٨/ جاهید لە چوارینەکانیدا بە سێ شێوەی جیا بیری دادپەروەری دەخاتە ڕوو:

ا/ بیری دادپەروەری لە هەموو چوارینەکەدا ڕاگەیاندووەو وشەو دەربڕینی تایبەت بە دادپەروەری بەکارهێناوە.

ب/ بیری دادپەروەری لە نیوەی چوارینەیەکیدا بەکارهێناوە.

ج/ لە هەندێ چوارینیدا هیچ وشەو دەربڕینێکی تایبەت بە دادپەروەری بەکارنەهێناوە، بەڵکو بەشێوەی ناڕاستەوخۆو تواندنەوەی بیری دادپەروەری لەناو هەموو چوارینەکە ئەنجامیداوە، نموونەی ئەمجۆرەش لە نموونەی دوو شێوەکەی پێشوو زیاترە.

## پەراوێزو سەرچاوەکان


**کتێب بە زمانی کوردی:**

١/ ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی، د. کەمال مەعروف، چاپخانەی ژین – سلێمانی، ٢٠٠٣.

٢/ با خەییام باش بناسین، جەلال زەنگابادی، پاچڤەی: حەمەکەریم عارف، چاپخانەی موکریانی – هەولێر، ٢٠١٣.

٣/ چوارینەکانی جاهدی، برهان محمد جاهد، دار الحریة للطباعة – بغداد، ١٩٧٩.

٤/ چوارینەکانی جاهیدی، برهان محمد عبدالرحمن جاهد، مطبعة واوفسیت رافد – بغداد، ١٩٨٢.

٥/ سەروا، عەزیز گەردی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر، ١٩٩٩.

٦/ فەلسەفەو چوارینەکانی جاهید، برهان محمد عبدالرحمن، چاپخانەی رۆشنبیری و لاوان – هەولێر، ١٩٨٥.

٧/ فیکرو فەلسەفە .... دەقی جیهانی، وەرگێرانی: تاریق کارێزی، چاپخانەی ڕۆشنبیری – هەولێر، ٢٠١١.

٨/ کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا، عەزیز گەردی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری – هەولێر، ١٩٩٩.

٩/ مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، دوکتۆر مارف خەزنەدار، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر، ٢٠٠١.

١٠/ مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم، دوکتۆر مارف خەزنەدار، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر، ٢٠٠٦.

**فەرهەنگ بە زمانی کوردی**

١١/ زاراوەی ڕاگەیاندن، لە ئامادەکردنی لیژنەی زاراوە لە کۆڕی زانیاری کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر، ٢٠٠٥.

١٢/ فەرهەنگی ئازادی (ئینگلیزی – کوردی)، د. حەمەرەشید قەرەداخی، چاپ و نەشری احسان، چاپخانەی اسوە، ٢٠٠٦.

١٣/ فەرهەنگی ئۆکسفۆرد، فەرهەنگێکی گشتی و یاساییە، یاردەدەری پرۆفیسۆر سەلام ناوخۆش، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی مەحوی – هەولێر، ٢٠١٣.

١٤/ فەرهەنگی خاڵ، جزمی دووەم، شێخ محەمەدی خاڵ، چاپخانەی کامەران – سلێمانی، ١٩٦٤.

١٥/ فەرهەنگی زاراوە یاساییەکان، محەمەد وەسمان، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تەبایی – هەولێر، ٢٠١٤.

١٦/ فەرهەنگی زاراوەکان، دکتۆر عەلی شەریعەتی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: حوسێن سەید ئەدهەم، لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی هەژار موکریانی – هەڵەبجەی شەهید، ٢٠١٣.

١٧/ فەرهەنگی قانوونی، چاپی شەشەم، د. نوری تاڵەبانی، چاپخانەی (الدار العربیة للموسوعات – بیروت)، ٢٠١٤.

١٨/ فەرهەنگی کۆمەڵناسی، دانانی عوبید خدر، چاپخانەی دەزگای ئاراس – هەولێر، ٢٠٠٧.

١٩/ هەنبانە بۆرینە، هەژار، چاپی شەشم، سروش، انتشارات صداو سیمای جمهوری اسلامی ایران، ١٣٨٨.

**گۆڤار بە زمانی کوردی:**

٢٠/ جان جاک روسوو ئەنێشەی دادپەروەری، بەهرام مەحی، لە فارسییەوە: رەزا مەنوچەهر، گۆڤاری (سەردەم)، ژمارە (٥٠)، نیسانی ٢٠٠٧.
٢١/ کارل پۆپەرو ئەندێشەی دادپەروەری، بەهرام موحی، لە فارسییەوە: رەزا مەنوچەهری، گۆڤاری (سەردەم)، ژمارە (٦٠)، پایزی٢٠٠٩.

**فەرهەنگ بە زمانی عەرەبی:**

٢٢/ المعجم الفلسفي، تاليف: الدكتور جميل صليبا، دار الكتاب اللبناني – بيروت والدار الكتاب المصرى – القاهرة، ١٩٧٩.
٢٣/ المعجم المفصل في الادب، الجزء الثاني، اعداد: محمد التونجي، دار الكتب العلمية – بيروت، ١٩٩٩.
٢٤/ الموسوعة الفلسفية، الطبعة السابعة، باشراف: م. روزنتال وب. يودين، ترجمة: سمير كرم، دار الطليعة للطباعة والنشر – بيروت، ١٩٩٧.
٢٥/ معجم الافكار والاعلام، هتشنسون، ترجمة: خليل راشد الجيوسي، دار الفارابي – بيروت، ٢٠٠٧.
٢٦/ معجم المصطلحات الأدبية، اعداد: ابراهيم فتحي، المؤسسة العربية للناشرين المتحدين والتعاضدية العمالية للطباعة والنشر – صفاقس – الجمهورية التونسية، ١٩٨٦.
٢٧/ موسوعة السياسية، الجزء الرابع، الطبعة الخامسة، الدكتور عبدالوهاب الكيالي، المؤسسة العربية للدراسات والنشر – بيروت، ٢٠٠٩.

**ئەنتەرنێت:**

٢٨/ عدالة: https://ar.wikipedia.org٦/٩/٢٠١٥ .
٢٩/ کارڵ پۆپەر١٩٠٢-١٩٩٤، فەیلەسووفێکی نەمسایی – ئینگلیزییە، پسپۆری فەلسەفەی ئەبستمۆلۆژییە، لە کۆلێژی لەندەن مامۆستای ئابووری بووە، بەیەکێک لە نووسەرانی فەلسەفەی ئەبستمۆلۆژی لە سەدەی بیستەم دادەنرێت، بەشێوەیەکی فراوانیش لەسەر فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و سیاسی نووسیویەتی. بڕوانە: كارل بوبر: https://ar.wikipedia.org٦/٩/٢٠١٥ .
٣٠/ ( جۆن رۆڵس١٩٢١-٢٠٠٢)، فەیلەسوفێکی ئەمریکییە، بەناوبانگترین کتێبی (تیۆری دادپەروەری)یە کە لە ساڵی١٩٧١ بڵاویکردۆتەوە، بە گرینگترین داڕێژەرانی تیۆری دادپەروەری دادنرێت. بڕوانە: المفاهيم الاساسية لدى بعض مفكر الفكر السياسي: www.ahewar.org/debat

**خلاصة**

هذا البحث عنوانه (فكرة العدالة في رباعيات جاهيد)، محاولة لمعرفة مصطلح (العدالة) و كيفية استعماله في النصوص الأدبية، خاصة في رباعيات الشاعر الكوردي (برهان محمد عبدالرحمن ١٩١٨ – ١٩٩١) الملقب بـ (جاهيد). البحث كان من خلال خطة (نظرية – تحليلة)، يحاول أن يعرف مصطلح (العدالة)، وأن يطبق ذلك في رباعيات جاهيد.

هذا البحث مكون من محورين، يتكون المحور الأول من مبحثين، في المبحث الأول تكلمنا عن مصطلح و أنواع العدالة، وقد حددت جميع النقاط الضرورية المتعلقة بالشخص العادل. وفي نهاية هذا المبحث القي الضوء على علاقة العدالة بالأدب. والمبحث الثاني خاص بمعرفة الرباعيات، هنا عرفت الرباعيات، بعد ذلک جرى الحديث حول الوزن والقافية المستعملين في الرباعيات، وكذلك جرى الحديث حول أن الرباعيات تغطي مساحات مناسبة لضم الواضيع الحساسة في الحياة.

المحور الثاني مكون من مبحثين، في الأول أُلقى الضوء على حياة ونتاج جاهيد. والمبحث الثاني خاص بانعكاسات فكرة العدالة في رباعيات جاهيد، وبعد هذا يشير البحث إلى أهمية ونتيجة وهدف وانعدام العدالة في نظر جاهيد. ويشير البحث أيضاً إلى رباعيات جاهيد من حيث الخطط الخاصة المرسومة للشخص العادل. وفي نهاية هذا المبحث عرض لنوعية فكرة العدالة الموجودة في رباعيات جاهيد.



**Abstract**

This research paper under the title "The Idea of Justice in Jahid's Quatrains" is an attempt to introduce the concept of justice and how it is utilized in literature, especially in the quatrains of the Kurdish poet (Burhan Muhammad Abdulrahman 1918 - 1991), known as Jahid. The work tries to present the idea of justice within the framework of theory and explanation and apply it to the poet's quatrain.

The research contains two subjects. And the first one contains two topics; in the first one, the idea of dialects, concepts and various kinds of justice are discussed. Here, the most important characteristics of a just person are mentioned. At the end, light is shed on the relationship between justice and literature. The second topic is about the introduction of quatrains. They are defined. Then the rhyme, rhythm and the feet system are explained. It is also mentioned that the form of quatrains can be very suitable to embrace the sensitive issues in our life.

The second subject, too, consists of two topics; in the first, the life and the literary products of Jahid are illustrated, while the second topic is dedicated to the reflection of justice in Jahid's quatrains. Here, the value, the result, the aim and lacking of justice, according to Jahid's approach, are discussed. Then Jahid's quatrains about the special quality of a just person are interpreted. Finally, the method of presenting the concept of justice in Jahid's poems is put forward.